# دەرگای دیالۆگمان بە روودا دا دەخرێت و بەردەوامین لە نارەزایی

هەرلە سەرەتای دروستبونی شەپۆلی نارەزایی هونەرمەندان, بەئاشکرا و لە بەردەم میدیاکاندا راماگەیاند کە گفتوگۆ لە گەڵ بەرامبەردا یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە نارەزاییەکەمان وەك ستراتیژ برِوای پێیەتی و بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی مەدنیبوونی دەزانین. نەبونی گفتوگۆی ئاشکرا و لۆژیکیانە یەکێکە لە هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی کێشەکان. ئێمە دیالۆگ وەك تەکتیك و بۆ فۆناغێك سەیرناکەین, بەڵکو تەنها دیالۆگە بەردەوامی ئەدات بە ژیانی مەدەنیەت و گەشەکردنی کۆمەڵ و یەکێکە لە دیاردە هەرە زاڵەکانی دیموکراسیەت. لەم روانگەیەوە بوو کاتێك ناوەندی سلێمانی (بەناو رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) لە رێگای کاك (فەتاح زاخۆیی)ەوە پێشنیاری دانیشتن و گفتوگۆیان کرد.

وەك هونەرمەندانی نارازیش ئامادەیی خۆمان دەربری بۆ گفتوگۆ بەرەسمی و سێ خاڵمان دەستنیشانکرد وەك میکانیزمێك بۆ گفتوگۆ کە بریتیبوون لە:

1. لەو دانیشتنەدا پێویستە سەرۆك و جێگری سەرۆك و لێپرسراوی سەرجەم ناوەندەکانی (بەناو رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) ئامادەبن.

(سەرۆکی ئەو رێکخراوە هێندە تاکرەویانە رەفتاری کردوە و دەکات، متمانەی بۆ هیچکام لە ناوەندەکان نەهێشتۆتەوە کە بتوانن خاوەنی قسەی خۆیان بن ئەمە جگەلەوەی کە هەمیشە وتەبێژی رەسمی و تاکوتەنیا هەر خۆیەتی)

2. دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی بەرێز فەتاح زاخۆیی، نوێنەری لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندیەکانی پەرلەمان، نوێنەری رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازبکرێت.

(تا لەنزیکەوە ئاگاداری راستی کێشەکەبن و بواری شێواندن و ناشرینکردنی نارەزاییەکە کەمتر بێت)

3. دانیشتنەکە کراوەبێت لەبەردەم دەزگاکانی راگەیاندن دا.

(بۆ ئەوەی هیچ لایەك نەتوانێت بە ئارەزوی خۆی باس لە کۆبوونەوەکە بکات و تەصریحی نامەسئولانە بداتە میدیاکان)

وەفدی (بەناو رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) کە پێکهاتبو لە بەرێزان (جیهاد دڵپاك، عەلی عەزیز، نەجم هۆگر) ووتیان ئێمە پێشنیارەکەتان بەرزدەکەینەوە بۆ سەرەوەی خۆمان و داوای ئەوەیان ئەکرد "با بەزووترین کات بکەوینە گفتوگۆ" سەرباری ئەوەی ئێمە خۆیانمان سەرپشککرد بۆ دیاریکردنی شوێن و کاتی دانیشتن، مانگێك زیاتر چاوەرێی وەڵامی ئەوان بووین, وەك عادەتی خۆیان هیچ وەڵامێکیان نەبوو, بەلامانەوە سەیر نەبوو چونکە کۆنەبونەوەی ئەنجومەنی باڵا و فەرامۆشکردنی کێشەی هونەرمەندان و ترس لە هەموو بریارێکی سەربەخۆ و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی لە سیما رەگداکوتاو و دیارەکانی (ی ه ك) و (س ه ك) بووە و لەم بەناو رێکخراوە تازەیەشیاندا تۆخ بۆتەوە. لێرەدا دەرکەوت کە ئەوان چەند ئامادەن بۆ ئەو دیالۆگەی لە میدیاکانەوە بانگەشەیان بۆ دەکرد.

بۆیە هونەرمەندانی نارازی بۆ سنوردانان بۆ کوشتنی کات و کۆتایی هێنان بە چاوەروانییەکی بێهوودە سەرلەنوێ لە شێوەی نوسراوێکی ئاراستە کراودا ماوەی (یەك هەفتە)مان پێشنیار کرد کە وەڵاممان بدەنەوە لە ئامادە و ئامادەنەبوونیان بۆ ئەودیالۆگەی کە "بە حیساب" لەلایەن ئەوانەوە دەستپێشخەری بۆکرابوو. بەڵام ئەمجارە بە بێئەوەی بە نامەیەك یان نووسراوێکی رەسمی کە ئەوە سادەترین ئەرکی دەزگایەکە رێز لەناوی خۆی بگرێت. وەڵامێکی زارەکییانمان دەماودەم پێگەیشت کە ئەوان ئامادەنین هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ هونەرمەندانی نارازی ئەنجام بدەن. گوایە گلەیی ئەوەدەکەن کە ئێمە ( تەشهیرمان کردوەو پلارمان لێداون کە ووتومانە ( بۆ: بەناو رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان ) راستیەکە ئەمە دوورە لەوەی پەرچەکردارێك بێت یان هەوڵێك بێت بۆناشرینکردن لە لایەن ئێمەوە. ئێمە لە بەیاننامەی یەکەمەوە ناشەرعیەتی

**(کۆنگرەی یەکبونی هەولێری (20-2006/9/21) و سەرجەم بڕیارەکانی و دروستکردنی ئەو ڕێکخراوەتازەیە)مان سەلماندوە. ئەو کاتەی ئەم دۆخە نایاساییە چارەسەر کرا ئێمەش پێویستمان بە ووشەی "بەناو" نامێنێت.**

**داخستنی دەرگای گفتوگۆ لەلایەن ئەوانەوە توشی سەرسامیمان ناکات و هیچ لە پلانەکانمان ناگۆڕێت چونکە لە بەرخاتری ئەوان نییە کە بڕوامان بە گفتوگۆ هەیە. ئەوان هەبن یان نا گفتوگۆ یەکێکە لەپرنسیپەکانی ناڕەزایی. بەڵام ئەم هەڵوێستە نامەدەنیە تازەیەشیان چەندین پرسیار بەدوای خۆیدا ئەهێنێت..**

- **دامەزراوێك کە گفتوگۆ ڕەتبکاتەوە، دەبێت چۆن دیموکراسیەت و بواری ڕەخنەو قبولکردنی جیاوازی و گۆڕانکاری لە خۆبگرێت؟**
- **وەلامدانەوەی زارەکی مانای چی؟ ڕێکخراوێك بۆ ناتوانێت بەنوسراو وەلام بداتەوە؟**
- **ئەم بەناو ڕێکخراوە چ جۆرێك لە گفتوگۆی دەوێت؟!**
- **بۆ دەیەوێت گفتوگۆ لە ژوری داخراودا بکات؟**
- **ترسی ئەم بەناو ڕێکخراوە چییە لە گفتوگۆی ئاشکرا؟**
- **ئەو گفتوگۆ و پێشنیارانەی لەودیو دەرگای ژورەداخراوەکانەوە کراون ئاکامەکانیان بەکوێ گەیشتون و بەکوێ دەگەن؟**
- **هونەرمەندە رازییەکان بۆ ناتوانن بێنە بەر روناکی و مێزگردەکان و بەردەم میدیاکان و بەرنامە ڕاستەوخۆکان؟**
- **بۆ ناتوانن لەبەردەم هونەرمەندانـدا بە ئاشکرا قسە لەسەر کێشەکان بکەن؟**
- **ئەم بەناو ڕێکخراوە تەشهیر بە چی تێدەگات و لەکوێدا تەشهیرمان پێکردوە؟**

**ئەگەر واتێگەیشتون بە ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ و خۆگێلکردن کۆتایی بە شەپۆلی ناڕەزایی دێت، هەڵەن؟**

**نەعامە دەتوانێت سەری خۆی بکات بەناو لمدا بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر وابزانێت بەمکارە مەترسیەکەی لە خۆی دورخستۆتەوە.**

**هونەرمەندانی ناڕازی**

**کوردستان** 2006/12/12